# چۆن دیکتاتۆر فەرامۆشکەین؟

هیدایەت ئیبراهیم



د یکتاتۆرکێیە؟یاخود دیکتاتۆر چۆن دروست دەبێت؟چۆن دە ژیت؟کۆمەڵێك پرسی سەرەتایی‌و مانادارلەدەستپێکی گەڕان بەدوای نهێنیەکانی دیکتاتۆر ناچارمان دەکات هەمیشە لەوانەوە دەستپێبکەین، ئایا پرسی دیکتاتۆر بونێکی کولتوریە. . یان بەرهەمێکی ئایدۆلۆژی وکۆمەلآیەتیە؟ بیّ گومان بونی دیکتاتۆر لەهەرکۆمەڵگایەکدا بێت، چەندە دەگەڕێتەوە بۆدیوی سایکۆلۆژی مرۆڤی دیکتاتۆر، هێندەش دەگەڕێتەوە بۆقورسایی کۆمەڵگا لەسەر دروستبونی شێوازی دیکتاتۆرەکان.

ئەڵبەتە دیکتاتۆرێك لەبەردەستماندایە یان لەناو کولتوری سیاسی وکۆمەلآیەتی ئەم وولآتە واتە عێراق دا، خاوەنی چەندین کایەی جیاجیای فەرهەنگی ورۆحیە. . .

کەبە قورسی دەتوانرێت فەرامۆشبکرێت، چونکە ئەگەر دیکتاتۆر وەك هێزێکی جەستەیی‌و عەسکەری لەگۆڕنرابێت، ئەواوەك هەڵسوکەوت ومامەڵکردنە کۆمەلآیەتیەکان لەناو تاکەکانی گەلی عێراق دا هەرماوە.

پێش هەرشتێك نابێت وەك ئەوەی ئێمە عێراقین کۆمەڵێك ناسنامە وچەمکی بێگانە بەخۆمان وکولتورەکەمان بدەین، لەکاتێدا ئێمە هەر ئەوەین کەهەین ودەبینرێین، ئێمەلەقۆناغێکداین نەك تەنها نەمانتوانیوە سنوری ئایدۆلۆژیا ببەزێنین، بەڵکو لەئاستی هۆزو بنەماڵەدا خەومان لیّ کەوتووە، بەم پێیە ئەشیّ ئەرکی سەرەتایی ئێمە ئەوەبێت لەئاست تاکی عێراقیدا هەڵوێستەبکەین، بزانین تاچەند خاوەنی ئیشکردنە بۆکوشتنی دیکتاتۆر لەناو خۆیدا،

کەهەریەك لەئێمە خاوەنی ئەو ڕۆحیەتە ین کەحەزلەدیکتاتۆریەت ومومارەسەکردنی دەکات، هەموومان خاوەنی کولتورێکین کەحەزدەکەین لەشوێن دیکتاتۆر حاکم بین، تەنانەت حەزدەکەین لەشوێن پەیکەری دیکتاتۆر وێنە بۆمێژوو بگرین، کۆمەڵە حەزێك لەناو ئێمەدا ئەژی، بەبیّ ئەوەی ئێمەدرکیان پیّ بکەین، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆشێوازی کارکردنی ئایدۆلۆژیای بەعسیزم کەنەیدەویست لەرێی هۆشیاری کۆمەلآیەتی وسیاسیەوە کاریگەری لەسەر گەلی عێراق دابنێت، بەڵکو کارکردنی خۆی لەجەوهەرەوە گۆڕیبوو بۆ فۆرم وسلوکی مرۆڤی ئێمە، ئیدی پێویست نەبوو تۆبچیت بەعسیزم لەرێگەی نوسینە کانی (مشیر عفلق) ەوە بناسیت، بەڵکو ئەوان بەرهەمی بەعسیزمیان وەرگێڕابووە سەر هەندێك شتی ووردی ژیانی ئێمە تابتوانن هەمیشە لەگەڵماندا بەرپرس بن. . . نوسەر بن. . . مامۆستابن. . ئەندازیاربن. . کەسێکی ئاسایی بن. بەم پێیە بۆکاڵکردنەوەو پەراوێز خستنی کولتوری بەعسیزم وکوشتنی ڕۆحی دیکتاتۆریەت، پێش هەرشتێك دەبێت لەهۆشیاربوونی تاکی عێراقیەوە دەستپێبکات، بۆئەوەی بتوانین شتێك بەناوی دیموکراسی بچێنین، عادەتکردن بەدیکتاتۆریەت پێویستی بەهۆشیاری نیە، بەلآم ژیان لەژێر چەتری دیموکراسیداپێویستی بەهۆشیاری کۆمەلآیەتی وسیاسی هەیە.

*دیکتاتۆرو متمانە

لەمێژوودا دیکتاتۆرێك بەناوی (هیتلەر) هەبووە، شێوازی ئەو دیکتاتۆرە بەمانای هەڵبژاردنی دیکتاتۆری دێت، نەك بەمانای دروستبونی دیکتاتۆر، بۆیە مومارەسەکردنی ئەو دیکتاتۆرییەتە بۆدەرەوەی کولتورو ژینگەی خۆی بووە، نەك بۆئەو زەمینەو فەرهەنگە کەتیایدا لەدایك بووە.

کەواتە (هیتلەر) بەشێوەیەك لەشێوەکان دیکتاتۆرێك بووە بەمانای هەڵبژاردنی دیکتاتۆری، بۆیە ئەو پیاوە وەك کەسێکی دیکتاتۆر متمانەی نەتەوەکەی لەپشت بووە، .

گەرچی بەشێك لەشەرمەزاریو تراژیدیاكانی مرۆڤایەتی لەو سەدەیەدابووكەدیكتاتۆرێكی وەك (هیتلەر) نیازی حاكمیەتی دنیای هەبوو، بەڵام بوونی ئەو متمانەیە كەلای نازیەكان ونەتەوەی ئەڵمان هەیبوو وای لەمرۆڤێكی وەك ئەو كردبوو زیاتر ڕۆبچێتە دنیای دیكتاتۆری و لەوچوارچێوەیەدا بمێنێتەوە. پێدەچێت غەریب نەبێت لەسەدەیەكدا دەستەواژەكانی وەك (دیموكراسی) و (پێكەوە ژیان) و (قبوڵكردنی ئەوی دی) لەئارادا نەبوبێتن، دیكتاتۆر وەك بونەوەرێكی ئاسایىو قبوڵكراو تەماشا كرابێت، بەڵام لەسەدەیەكدا ئەم دەستەواژەو سیستمانە بوونیان هەیە، نەك تەنها بوونی دیكتاتۆر غەریبە بەڵكو شیاوی ئەوەیە بنێردرێتە ئەستێرەو شوێنگەیەكی تر بۆئەوەی مرۆڤایەتی لێ بەدووربێت.

بەم پێیە لەچەرخێكی ترداقسە لەسەردیكتاتۆرێكی وەك (سەدام حسێن) دەكەین بزانین شێوازی دیكتاتۆری ئەم پیاوەچۆن بووە. .

بێ گومان دروستبونی ئەم دیكتاتۆرە لە٢٥ساڵی ڕابردوودا ناگەڕێتەوە بۆباشی وخراپی حكومڕانی ئەوسەردەمە، بەڵكو دەگەڕێتەوە بۆكەسایەتیەكی نەخۆشی ناو ژینگەی عێراق، ئەمەش لەوێدا دەردەكەوێت كەدیكتاتۆری بۆزیانگەیاندن بەگەل وكولتوروكۆمەڵگای خۆی بەكارهێناوە، ئەو پیاوەش جگە لەوەی دیكتاتۆرو خوێنمژی ناو گەلێك بوو بەهەمان شێوە متمانەوباوەڕە جەماوەرییەكانی لەدەست دابوو.

*درك لەكولتوردا

دركردن لەناوكولتوری ڕۆشنبیری وسیاسی ئێمەدا لەئاستێكی كاڵ ونزمدایە، بەجۆرێك خاوەنی درك پێكردن نەبوین لەبەرامبەر مرۆڤەكاندا، ئێمە خاوەنی چەندین تێكستی ئەدەبی وسیاسی ومێژووین، بەڵام كەسێك شك نابەین دركی پێ بكەین، یان نامانەوێ دركی پێ بكەین، درك بكەین ئەوە كەسێكی گەورەیە. . نەبونی درك لەنێوان مرۆڤەكاندا وای كرد پیاوێكی دڕندەی وەك (سەدام حسێن) لەناو كۆمەڵگای عێراقیدا ببێتە پێشەنگ و گەمە پێكەری چارەنوسی سەدان پیاوی گەورەو دەیان ڕۆشنبیرو ملیۆنان مرۆڤی ئاسایی وولاتی ئێمە.

ئەركی مرۆڤی ئێمە پێش هەرشتێك بۆ ئەوەی دیكتاتۆر فەرامۆشكات تێڕامانە لەبەرامبەر پیاوەگەورەكاندا، كولتوری ئێمە بەتاڵ نیە لەپیاوی گەورە، بەڵام نەستی تاكی ئێمە بەتاڵە لەو دركپێكردنە، پێویستە خۆمان ڕابێنین لەسەر دركپێكردنی بەرامبەرەكانمان، بۆئێمە شانازی بەدەیان پیاوی گەورەو مرۆڤی ناومێژووەكەمان نەكەین. لەكاتێكدا خاوەنی مێژوویەكین هێندەی دنیا غەدرمان لێ كراوە، بەڵام لەسەرووی ئەو هەل ومەرجە نالەبارە مێژوویی وسیاسیە، ئێمە توانیمان دەنگ ورەنگی خۆمان بگەیەنین، بەڵام مەرج نیە هەمیشە بەشوێن مرۆڤە شۆڕشگێڕو قارەمانەكاندا بگەڕێین، ئەشێ بگەڕێین بۆ مرۆڤگەلێك

كەلۆجیك وپرۆژەی عەقلآ نیان پێ یە، فەرامۆشكردنی ئەو دیكتاتۆرەو كولتورەكەی پێویستی بەهۆشیاری یەكی فیكری وهیومانی هەیە، هۆشیاری یەك ناچارمان نەكات بە شوێن دیموكراسیدا وێڵبین، بەڵكو لەناو خۆماندا بێتەدەرێ، دیموكراسی وەك دەستەواژیەكی فەرهەنگی یان وەك سیستمێكی سیاسی بەچاوی ئەلتەرناتیڤی دوژمن سەیری نەكەین، بەڵكو وەك قۆناغێك لەقۆناغەكانی ژیانی كۆمەڵگاكەمانی بزانین.

Hidaiat79@yahoo. com

پێینی كوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەكەیەت، كوردستان نێت لە ناوەڕۆكەكەی بەرپرسیار نییە.